# نامەیەک بۆ هاوڕێ ڕێبوار عارف

سەڵاوێکی گەرم و دەستەکانت دەگوشم

هاوڕێ گیان دەسگیر کردنی تۆ لێرە (لە فینلەند) وەک بۆمبێک وا بوو هەرکەسێ ئەتناسێ و ئاگادری دەکەینەوە یەکسەر شۆک دەبێت ، بەهەرکەس دەڵێین سەری سوڕدەمێنێ ئەوان دەڵێن چۆن (بهاالدین)دەسگیر کراوە ئەو خۆی دیفاع لە خەڵک دەکات ،

ئەو زۆر میهرەبانە ، دەڵێن مەگەر ناڵێن لە کوردستان دیموکراتی هەیە ،مەگەر ناڵێن یەکێتی نیشتمانی دیمکراسیە ، دیارە ئەوانە هەموو درۆن ، دەڵێن ئێمە ڕقمان لە هەر لایەن و کەسێکە کە کەسانی وەک بهاالدین زیندانی بکات .

دووڕۆژە دەنگوباسەکە لە سنوری فینلەنداش دەرچوە لە هەموو لایەکەوە ئەو هەنگاوەی یەکێتی پرۆتیستەدەکرێ ، لە چەند سایتی ئەلکترۆنی ئیمزایان بۆ ئازادکردنت دانراوە ، سەدان کەس لەو پەنابەرانەی کەدەت ناسن کە دەزانن ڕێبوار عارف کێیە پرسیار دەکەن و دەڵێن ئێمە دەیناسین دەزانین ڕێبوار عآرف کێیە .

دوێنی بەڕێوەبەری بەشی عەرەبی سایتی حیزب پێی وتم هاوڕێ شەوڕۆژ خەریکین نامەکان زۆرن ، تەرجومەیان دەوێ ، ڕۆژانە دەیان نامەی نارەزایەتی دەگاتە دەستمان لە لایەن ڕێکخراو حیزب و سەرنوسەری ڕۆژنامەو کەسیاتییەوە .

یەکێتی نیشتمانی ئەگەر دەیەوێ لە ڕێگای تۆوە نارەزایەتی خەڵک و قوتابیان خامۆشکاتەوە سەرکوتی بکات ئەوە بەهەڵەدا چووە ، ئەگەر پێی وایە دەتوانێ کێوی بەرزی ورەت بروخێنێ ئەوە بەهەڵەدا چووە ، تۆیەک ئاشنای ئەشکەنجەی دەستی دڕندەکانی بەعس بی و گاڵتەت بە کەلەشەقی ئەوان کردبێت ئەمان چی دەچننەوە لە ئەم هەنگاوەیان ، تۆ کۆمۆنیستێکی سەر سەختی (حەمە سەعید حەسەن) وتەنی دەبێ یەکێتی چ ئیستفادەیەک باکت لە زیندانی کردنی تۆ ، بۆیە یەکێتی نیشتمانی لەم هەنگاوەی تەنها ئەو نەفرەتە دەچنێتەوە .

بڕوابکە ئەمرۆ منداڵەکانم کە زانیان تۆ لە زیندانی وتیان ئەو مامە ڕێبوارە دەسگیر کراوە مناڵانی خۆش دەوێ کە هەمووجار قسەی خۆشمان بۆ دەکات وتم بەڵی ، وتیان ئەی بۆ گرتویانە لە کوردستان منیش وتم ( چونکە مامە ڕیبوار دیفاعی لە خوێندکاران کردوە) مناڵەکان بێ دەنگ بوون زۆریان پی ناخۆش بوو وتم بەڵام ئازاد دەکرێ هەر چەند ڕۆژێکە .

هاوڕێ گیان منیش زیندانەکاتی یەکێتێم بینیوە ، منیش دەزانم چۆن تعامل لە گەڵ ئێمەدا دەکەن بەڵام من تۆش دەناسم دەزانم چۆنیان تعامل دەکەی .

هاوڕێ ڕێبوار ئێمە من و هاوڕێیان و دایکی ڕۆژاگیان هەموو هەروەها هاوڕێان لە وڵاتان و کوردستان وعێراق وە ئەو کەسە فینلەندیانەی کە دەتناسن لە گەڵ ئەو پەنابەرانی دەرەوە کار بۆ ئازادی تۆ دەکەین . دڵنیات دەکەینەوە کە هیچ پشویەک نادەیەن تا ئەو کاتە .

ڕاستیەکەی من هەست بەغرور دەکەم کە خەڵکانێکی زۆر تۆیان خۆش دەوێ ، هەست بە غرور دەکەم کە تۆ لە سەر دیفاع لە خواستی خوێندکاران زیندانی کراوی ، یەکێتی هەمووجار دەڵێ ئەم نارەزایەتیانە دەستێک لەپشتیەوە وەستاوە ،بۆیە دەستت خۆشبێ و دەستت دەگوشم و سەڵاو و خۆشەوێستی هاوسەر و منداڵەکانمت پێ ڕادەگەیەنم ، هیوادارم بەزوترین کات بتبینینەوە.

جارێکی تر نەفرەت لە زیندان

نەفرەت لە سەرکوتی ئازادی

هاوڕێت

سیروانی شێخ ئەمین

فینلەندا

11 ئایاری 2005